## هاوار لەگەندەڵی گەرمیان و تێکڕای دەڤەرەکانی کوردستان ... بڕوا گەرمیانی

بڕواری 7-9-2005 بە سەرپەرەشتی هەردوو ڕیکخراوی (گۆڕان و کۆمەڵەی بە مەدەنی کردنی کەلار - ڕزگاری) کە لە کۆمەڵە گەنجێکی خوێن گەرم و ڕۆشنبیر پێکهاتوە ئەم دوو رێکخراوە، دوای ئاگادارکردنی زۆربەی چین وتوێژەکانی شاری کەلارو ئۆردوگای ڕزگاری هەستان بەسازدانی خۆپیشاندانێکی مەدەنییەیانە وهێمنانە بۆ بەردەم بارەگای قائیمقامێتی کەلار، تا نزیکەی 2 کاتژمێر ئەو هەموو خەڵکە ماف خوراوە هەر چاوەڕوانی جەنابی ناموشەڕەفیان دەکرد بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ئاشتیانەی لەگەڵدا بکەن بەڵام سەرەتا ئامادە نەبوو لەگەڵ خۆپیشاندەران گفتوگۆ ساز بکات، بۆیە لە ڕەوتی هێمنانەی خۆی دەرچوو خۆپیشاندانەکە، چونکە بەدەمەوە نەچوونی قائیمقام، سەرەتا بارودۆخەکەی بەو شێوەیە گۆڕی و توڕەیی و بێزاری ئەو هەموو خەڵکە لە سنووری خۆی دەرچوو بوو، کە وویستیان یاداشتێك بدەنە قائیمقام بۆ دابین کردنی ئاوو کارەباو سووتەمەنی، کە بچوکترین مافە سەرەتایەکانی ئەو خەڵکەیە، ئەوەبوو چوونە سەر هەندێ لە فەرمانگاکان، ئیتر کوڕانی ئاسایش و پۆلیس بەرامبەر بە خەڵکانی بێچەك، لە بڕی جێبەجێکردنی داواو مافەڕەواکانیان بە گوللە وولامی ئەو خەڵکە ماف خوراوانەیان دایەوە، ئەوەبوو زیاترلە 25 بریندارى لێکەوتەوە، ئاسایش و پۆلیس لەبڕی ئەوەی ئاسایش و خەمخۆری میللەت بێت، کەچی خۆیان تێکدەری بارودۆخۆو ئاسایش وسەرو ماڵی خەڵکین، وە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بێ ڕێزیان کرد بە چەندین کارمەندو کەناڵی تەلەفزیونە ناوخۆیەکان، بەشەق وزللە کەوتنە گیانی ئەو کارمەندو ڕۆژنامەنوسانە، وە بەئەخلاقێکی نامرۆڤانە و هەر وەك ئەمنەکانی ڕژێمی سەدام ئاسا، سووکایەتیان بەخۆپیشاندەران و ئەو ڕۆژنامەنووسانە کرد، کە چەندین کامێراو کاسێتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیان شکاندو دەستیان بەسەردا گرت، وە هەندێکیان ڕا پێچی زیندانە تاریکەکانی ئاسایش کران، لەگەڵ ئەوپەری بێ حورمەتی و سوکایەتی پێ کردنیان ئینجا ئازاد کران، وادەزانن گروپی تیرۆرستی یان گرتووە نازانن کەسانی ڕۆژنامە نووس و خەڵکی ماف خوراویان گرتوو، زۆربەی ئەو منداڵانە کە توشی لێدان و سوکایەتی بوون تەمەنیان لە خواروی 18 ساڵەوە بوو، ئەمە لە کام یاساو ڕێسایەکدا هەیە کوڕانی ئاسایش و پۆلیس، ئاوا بێ حورمەتی وبێ ڕێزی بکەن بەم خەڵکە؟؟ !!نازانم کوا قسە ساف و لوسەکانی دەسەڵات دارانی کورد بە هەردوو ئیدارەی سلیمانی و هەولێر لەمەڕ ئازادی و مافەکانی مرۆڤ ودیموکراسی؟ ! ّئەمەیە وولامی مافی ڕەوای ئەوخەڵکە؟ ئەی هەر بە تەوجیهاتی دەزگاکان نەبوو لە هەولێر بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەچەقۆ چوونە نێو مزگەوت بۆ تیرۆر کردنی مەلایەك لە هەولێر، وە بریندار کردنی منداڵێکی مەلا بە چەقۆ؟ ئەی هەموو کات ناڵێن دین ئەخلاقە، ئەی ئەگەر دین ئەخلاقە، بە چ یاساو دەقێکی دین ڕێگە ئەدەن ڕفتاری ئاوا بکرێت بەرامبەر بە مەلایەك لە لایەن چەقۆ کێشەکان، ئەی کوا هەموو کات دەبێژن کەس لە سەروی یاساوە نیە؟ یان ڕاستر وایە بڵێن حیزبی دەسەڵات لە سەروی یاساوەیە، ئەی ئەگەر یاسا بەرقەرارە توتی ئاسا هەموو کات ئەیلێن بۆ نەمان بینی ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورە بەرپرسێك، کاربەدەستێکی پلە باڵا دادگایی بکەن، لەو هەموو داهاتەی کە بەدەستی هێناوە لە سەر خوێنی هەموو تاکێکی کورد؟ !ئایا بە تەقەکردن بەرامبەر بەو خەڵکە وادەزانن ڕق و قینی 14 ساڵەی ئەو دەڤەرەو هەموو ناوچەکانی کوردستان خامۆش ئەبێت بەرامبەر بەو ستەمەی ئەیکەن؟بۆیە دڵنیابن کەلار بووە دەروازەی ڕاپەڕین بەرامبەر بە جەورو ستەم بەرامبەر کەسانی گەندەڵ و ئەژدهای تێر نەخۆر، ئیتر وا نزیکە داخی پەنگ

خواردوی دەیان ساڵەی میللەت بێتە جۆش و خرۆش لە هەموو سەراپای کوردستان. زۆر شەرمەزاریە بۆتان ئەی دەسەلات دارانی کورد کە ئەڵێن ئەزموونی دیموکراسی کوردستان ئەبێتە نموونە بۆ وولاتانی تر !!ئەمە چۆن دیموکراسیەکە پێشێل کردنی مافەکانی خەڵك و بەکارهێنانی ڕفتاری نامرۆڤانە دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان، بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل و قبوڵ نەکردنی داواکانی جەماوەر. بۆیە پێویستە لە سەر حکومەت، خول و مەشقی پسۆری لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە دەزگاکانی ئاسایش بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مەدەنیانەو وسەردەمانە ڕفتار بکەن بەرامبەر بە خۆپیشاندەران، وە بەڕفتاری جوان هەڵسوکەوت بکەن لە گەڵ خەڵکی، وە زۆر پێویستە ڕێکخراوە پیشەییەکان لە هەموو ئاستەکان لەکاتی هەر خۆئامادەکردنێك بۆ خۆپیشاندان بە شێوەیەکی زانستیانە دوور لە دەستدرێژی بۆ سەر دامودەزگا خزمەت گوزاریەکان، خەڵکی هۆشیار بکەنەوە لەم بوارە، گەر نا ئەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی داواو مافە ڕەواکانتان.

•

•ئەرێ کەسانی ئازادی خوازو مافپەروەرو دڵسۆزانی خاك و ئاین و میللەت بێنە وولام بە چ حەقێك ڕەوایە ئەو ئاوەی کە خەڵکی شاری کەلار ئەیخۆنەوە، کە سیانەو خزنەی ئاوی کەلار نزیکەی 1 تەن قوڕو لیتەو پیسی تێدایە، لە کاتێکدا مەسئولینی دزو جەردە خۆیان ئاوی موعقەم و سەڤن ئاب نەبێ نایخۆن، ئایا ئەمە چ وویژدانێکە کاربەدەستانی دەقەرەکە هەیانە، چەندین ساڵە ئەو خزنەی ئاوە پاك نەکراوەتەوە، ئێستا بەتەمان لە ڕێگەی تەندەرەکان پاکی بکەنەوە، خۆ ئەگەر هیمەتی خۆپیشاندەران نەبوایە ئەوە تا قیامەت پاکیان نەدەکردەوە. ئەرێ دەسەلات داران وویژدانتان چۆن ئارام دەگرێت زوڵم لە خەڵکی ناحیێ ڕزگاری دەکەن و هیچ خزمەتگوزاریەکیان بۆ جێبەجێناکەن؟ لە کاتێکدا ئەو ناحێیە هەژارترین ناحیێە لە کوردستان، چونکە زۆربەی دانشتوانی ئەوێ خەڵکانی پاشماوەی ئەنفالن لە پیرە پیاوو پیرە ژن و منداڵانی بێ نازکەوتوی بێباوکانن، ئەی کار بەدەستانی سپڵە خۆ ئەم خەڵکە لانکەی کوردایەتی بوون بۆتان، ماڵ وحاڵیان لە خزمەتی ئێوەی سپڵەو بێ وویژدان بوو پێش1988 کەچی هەر بێز تان نایە سەردانی ئەو ماڵانە بکەن، هەر هیچ نەبێ کەمێ لە ئازارەکانیان کەم کەنەوە.